کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-8-2007 21:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕێزلێنان و هەندێک سەرنجی تر ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی*

سالآنێك لەمەوبەر نازانم كامیان دەست پێشخەر بوون حكومەتی سلێمانی یان حكومەتی هەولێر، بڕیاریاندا وەك نرخاندنی هەوڵ و كۆششی هونەرمەندان و نوسەران بڕێك پارە تەرخان بكرێت مانگانە بدرێت، ئیتر حكومەتەكەی تریش چاوی لێكردوو هەموو لاسایی كردنەوەیەكی یەكتریش لەبواری كاری چاك و خزمەتكردندا كارێكی باش بوو، دوایی هەندێك گۆرانی بەسەردا هات و بەپێی تەمەنی نوسین یان تەمەنی هونەری هەندەكەی دیاری دەكرا، كارێكی باش بوو



بەتایبەتی لەولآتی ئێمەدا هونەرمەندان و نوسەران لەچینەكانی ناوەڕاست و یان كەم دەرامەتەكانن چونكە هەرگیز داهێنان و هەوڵ و كۆششیان پارەی چنگ نەخستوون وەكو ولآتانی ئەوروپا كەنوسەری باش بەكتێبەكانی دەوڵەمەند دەبێت و هونەرمەندانیش بەبەرهەمە هونەرییەكانیان، كەچی بەداخەوە لەیەكگرتنەوەی هەردوو حكومەتەكەدابڕا، ڕەنگە ئەوە دیاری یەكگرتنەوەیان بێت بۆ نوسەران و هونەرمەندان كە وەك توێژێكی ڕۆشنبیر بەردەوام خەمخۆری یەكگرتنەوەیان بوون. ئەم كارە زۆر هونەرمەندان و نوسەرانی سەرسامكرد، موچەكە ناوی ڕێزلێنان بوو تۆبلێیت ئیتر شایانی ئەو ڕێزە نەمابن یان بڕینەكە خۆی پەشیمان بوونەوە بوو لەو ڕێزەی لێیان نرابوو، ئێستاش هەندێكیان دڵخۆشی خۆیان بەوە ئەدەنەوە كە ڕەنگە بۆپیاچونەوەو دانانی پرنسیبی دروستتر بێت بۆبەخشینەكە ئەگەر خوا بكات وابێت من هەندێك سەرنج ئەخەمە بەردەست بەونیازەی ئەمجارە ئەگەر ئەرك و ماندوبونی ئەوانەیان شایانی ئەوڕێزە زانی بەڵكو سودی هەبێت بۆرێوشوێنێكی عادیلانەتر.

1ـ لەم دواییەدا وەرزشكاران هاتنە ریزی هونەرمەندان و نوسەران بۆ وەرگرتنی ئەو رێز لێنانە كەئەوانیش سەردەمانێك خزمەتی وەرزشیان كردووە، كارێكی خراپ نییە بەڵام من هاوڕێیەكم كە ئێستا بینەرێكی باشی خولی یارییەكانیش نییە نەك وەرزشەوان ئەو ڕێزلێنانەی وەرگرتووە تەنها بەپێشكەشكردنی وێنەیەكی خۆی بە جل و بەرگی وەرزشەوە لەكاتی گەنجیدا من لام باشە ئەگەر ئەمجارە بۆئەوان گەڕایەوە ڕەچاوی ئەوە بكەن كە ئەو وەرزشەوانە كەسێكی دیاربێت و ئەستێرەیەك بوبێت لەناو یەكێك لە تیپە ناسراوەكاندا (نەك تیپی كۆڵانەكەی خۆیان) و لانی كەم خزمەتی وەرزشی لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت، بێگومان هەمووکمان ئەوە دەزانین وەرزش وەك هونەرو نوسین نییە تابڵێین تائێستاش بەردەوام بێت.

2ـ سەبارەت بەنوسەران وای بەباش دەزانم ئەو نوسەرە كتێبێكی چاپكراوی هەبێت و هەر ئەوەندە بەس نەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان لەیەكێك لەگۆڤار یان ڕۆژنامەكاندا كۆلكە چیرۆكێك یان ووردە سەرنجێك یان كۆلكە شیعرێكی بلآوكردبێتەوە، كەسەكە كەسێكی دیار بێت بەخزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری و ئەگەر نەمردووە هەتا ئێستاش بەردەوام بێت چونكە پرۆسەی نوسین و داهێنان خانە نشینی نییە، نوسەرەكە تەمەنی بوبێت بە 60ساڵ ئیتر توانای نوسینی نەماوەو لەو خاڵە عەفووكرابێت، دەبێت بەردەوام بێت ئەگەر توشی نەخۆشی یان كەم ئەندامی نەبوبێت وەك لەدەستدانی چاوو دەست.

3ـ سەبارەت بەهونەرمەندانیش هەمان تێبینی، زۆر كەس هەن لەو لیستەدا بۆتەنها جارێك لەسەر شانۆی قوتابخانەكەیان دەركەوتووە یان دوو گۆرانی ناخۆشی وتووە و بەم كارەش هیچی نەخستۆتە سەر خەرمانی هونەری و ئێستاش دابڕاوە، ئیتر بۆ بیدرێتێ؟

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوا تێبینیم ئەوە درێژکردنەوەی ئەو لیستە بەکەسانی ناهونەرمەند و نا ئەدیب و ناوەرزشکار لەریزی ئەوانی تر ئەهێنێتە خوارەوە دەبوو ئەو ریزلێنانە کەسانی بەهرەمەندو پسپۆری بگرتایەتەوە تا بەقەد پاداشتی نۆبڵ شانازی پێوە بکرایە.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.